کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 13-11-2007 21:10

**سوڵتان هاشم سونبل یاخود میرابۆی سوننەکان ... سەباح تاهیر**

سولتان هاشم سەرکردە و قارەمانی پرۆسەی " ئەنفال" ی بەدناو، دوای زیاتر لەبیست دانیشتنی دادگای باڵای تاوانەکان بەبەرچاوی ملیۆنەها بینەرانی کەناڵە تەلەفزیۆنەکان، دانی بەتاوانەکانی بەشداری وسەرکردایەتی لە پرۆسەی ئەنفالی بەدناو هێنا. لە هیچ کام لەدانیشتنەکانیش پەشیمانی خۆی نیشان نەدا، بەڵکو لەسەر بوق لێدانی ڕژێمە سەرنگونکراوەکەی بەردەوام بوو کە ئەو ناوچانەی کردەوەی سەربازی بەناو ئەنفال ی لێجێبەجێکراوە، ناوچەی سەربازی بووە جگە لە موخەریب وەك خۆی دەڵێت پاسداری ئێرانیشی لێبوە. بگرە شانازیشی بە سەرکەوتنەکانی سوپای دڕندەی بەعسی ئەوسادەکرد.

لە جیاتی داوای لێبوردن و داوای بەخشندەیی لە خەڵکی کوردستان بێئاگایی وحاشای لە بێسەروشوێنکردنی دەیان هەزار هاووڵاتی ژنومنداڵ وپیروگەنجی مەدەنی دەکرد لەلایەن جاشوسوپای بەعس.

دوای دەرچوونی بڕیاری دادگای باڵای تاوانەکان و دواتر تەسدیقکردنی لەلایەن دادگای تەمییز دەنگۆی بێتاوانی "سولتان هاشم" لەنێوەندی عەرەبی سوننە بڵاوبوەوە، لێکە لێکە داوای ئازادکردنی دەکرێت. جارێ لە ڕووی یاساوە، دوای تاوانبارکردنی ئەم تاوانبارانە بەم تاوانەی ئەنجامیانداوە هیچ پاساوێکی یاسایی بۆ نییە، چونکە ناوبراو لەدادگا ئامادەبووەو هەموو ئاسانکارییەکی یاسایی بۆ فەراهەمکراوە بۆ دیفاعکردن لەخۆی. ئەوانەشی باس لەسونبلی سەربازی سوپای عێراقی دەکەن بۆ بیانوو هێنانەوە گوایە نێوبراو فەرمانی سەربازی جێبە جێکردوە بۆیە ناکرێت سزابدرێت، پێناچێت ئەم زاتانە هیچ زانیارییەکی یاساییان هەبێت ئەگینا ئەگەر چاوێك بە یاسای تاوانی نێودەوڵەتی بخشێننەوە بۆیان ڕووندەبێتەوە کەئەم بیانووە هیچ بنەمایەکی یاسایی نییە یاخود ڕوونتر نابێتە پاساوی بێتاوانی تاوانبار.

بۆئەوەش کە عەرەبی سوننە سوڵتان هاشم بە نوخبەی سەربازی و سونبلی خۆیانی دەزانن لەوەشدا وا ئاشکرا دەبیت کەنێوبراو پەیوەندی هەبوە بە سی ئای ئەی ئەمەریکی و لەوەش زیاتر ئیستاش ئامادەیە لە پێناو پاراستنی سەری خۆی هاوکاری ئەمەریکیەکان بکات. کەواتە سولتان هاشم سونبلو قارەمان نییە وەك عەرەبی سوننە تێیدەڕوانن بەڵکو جگە لە تاوانبارێك بەرامبەر گەلانی عێراق بەگشتی ومیللەتی کورد بەتایبەتی، لە خائینێکو میرابۆیەك بۆ عەربی سوننەش زیاتر نییە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.